ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

مردووەیەك[1]

ماڵکۆڵم ساڵی (١٩٢٥) لەدایك بوو، باوکی ماڵکۆڵم کابرایەکی نەترس بوو، قەشەیەکی شوێنکەوتووی (مارکۆس گارڤی) بوو، لەبەر ئەوەشی باوکی قسەی بۆ ڕەشەکان دەکرد ڕەگەزپەرستانی کیوکلەکس کلان Ku Klux Klan و (تیپی ڕەش) هەڕەشەیان لێ دەکرد تا دوایی بەدەستی تیپی ڕەش کوژرا، ماڵکۆڵم ئەو کاتە شەش ساڵان بوو.

(لوین) دایکی ماڵکۆڵم، توانی کاروباری خێزانەکە بەڕێوەبەرێ، ساڵی (١٩٣٤)یش خێزانەکە برسێتیی بەخۆیەوە دی. پێستی لویز نزیکە سپی بوو –چونکە باوکی سپیپێست بوو– بۆیە دەیتوانی کار لەماڵە سپییەکاندا بدۆزێتەوە بەڵام کاتێك ماڵەکە دەیزانی کە لەئەسڵدا ڕەشە دەری دەکرد، تا دوایی خێزانەکە ناچار بوو لەبرسانا خواردەمەنییەکانی دەوڵەت وەربگرێ. تا ئەو کاتەش لویز بۆ پاراستنی کەرامەتی خۆی لەم جۆرە یارمەتییانە خۆی دوور ڕادەگرت، بێدەرامەتیش وای لێ کرد گیا بکاتە خواردن بۆ منداڵەکانی.

پیاوانی (لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی) بەهۆی ئەو پارەیەی دەیاندایە خێزانەکە خۆیان لەکاروباری هەڵدەقورتان، ژیانی لویزیان کردبووە دۆزەخ. ئەو دەیویست دەریان بکات بەڵام لەبەر یارمەتییەکە نەیدەتوانی.

لەکۆتاییدا ئەو پیاوانە توانیان ماڵکۆڵم لەدایکی بسێنن‌و بیدەنە خێزانێکی تر بۆ بەخێوکردنی ئەویش چونکە ماڵکۆڵم بۆ خۆتێرکردن وردە دزیی دەکردو بەم جۆرە ئەوەی سەلماند کە دایکی ناتوانێ پەروەردەی بکات. ئەمان پاش ئەوە توانییان هەموو کوڕو کچەکانی لێ بسەنن‌و بەم جۆرە لویز تێکچوو و خرایە نەخۆشخانەی دەروونی، ماڵکۆڵمیش ئەوان تاوانبار دەکات‌و ئەوان دەکاتە هۆی هەڵوەشانی خێزانەکەی‌و دەڵێ کە تەنها خێزانەکەی خۆی ئەمەی بەسەردا نەهاتبوو.

ماڵکۆڵم هاروهاج بوو بۆیە لەسیانزە ساڵیدا خرایە بنکەیەکی (دەست بەسەردا گرتن) لای ئافرەت‌و پیاوێکی سپیپێست بۆ ئەوەی دوایی بنێردرێتە بنکەیەکی چاککردن بەڵام ئەم دوانە توانیان ناردنی دوا بخەن‌و کارێکی بۆ بدۆزنەوە.

ماڵکۆڵم باشووری ئەمریکای جێهێشت‌و چووە لای (ئێلا)ی خوشکی، خوشکی لەباوکییەوە، لەشاری (بۆستن) لەباکووردا، ئێلا نێرە ئافرەتێك بوو کە لەبەرزایی (ڕۆکزبێری)دا دەژیا لە کاتێکدا (ماری) –خوشکەکەی تری ماڵکۆڵم– لەگیتۆی ڕەشەکان دابوو. ماڵکۆڵم زیاتر حەزی لە گیتۆ بوو چونکە "شەیدای.. چێشتخانە هەرزانەکان‌و باڕو هۆڵەکانی بلیارد.. بووم".

---

[1] لێرەوەو وەك وتم سوودی گەورەم ە یادداشتەکانی ماڵکۆڵم وەرگرتووە کە ڕۆژنامەنووسی ڕەشپێست (ئەلێکس هالی) بۆی تۆماردەکرد. ماڵکۆڵم باوەڕی بە هالی نەبوو، وایدەزانی موخابەرات لەستۆدیۆکەدا قسەکانی تۆمار دەکەن بۆیە تا چەند هەفتەیەك بەم قسەیە دەستی پێ کرد: "هەلەو، هەلەو، لەسەر خەتن؟ باشە، ئەمەیە ماڵکۆڵم ئێکس". هالی چەند ساڵێك دوای کوشتنی ماڵکۆڵم ڕۆمانە ناودارەکەی نووسی (ڕەگەکان) کە دەربارەی ڕەشە فرێندراوەکانی ئەفەریقایە. هالی پێش چەند مانگێك (قسەی نەوەدەکانمانە) بە موسڵمانێتی کۆچی دوایی کرد.

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

لەوێدا هاوڕێی ڕەشێك بوو کەناوی دەنێ (کورتە باڵا) ئەویش کارێکی بۆ دۆزییەوە: پێڵاو بۆیاغکردن لەهۆڵێکی سەما لەشارەکەدا. ماڵکۆڵم دەڵێ پێڵاوی مۆسیقاژەنە بەناوبانگەکانی بۆیاغ کردووە "تا ئێستاش جۆنی هۆجز ١٥ سەنت قەرزاری پێڵاو بۆیاغ کردنێکمە"!!

ماڵکۆڵم زانی کەوا ئەو پارەیەی لە فرۆشتنی تلیاکی (ماریجوانا)و مەشروب و گەوادی دەستی دەکەوێ زۆر زۆرترە لەوەی لەپێڵاو بۆیاغکردن بۆی پەیدا دەکرێ.

(کورتە باڵا) فێریشی کرد چۆن قژە لوولەکەی زەردو خاو بکات واتە چۆن ببێتە "کۆنك"ێکی مێشکسڕاو. پاشان فێری سەما بوو و بووە سەماکەرێکی لێهاتووی وا کە کچان بۆ سەماکردن داوایان دەکرد. وەك بە ئێڵلای خوشکیشی وت: نەیدەتوانی لەیەك کاتدا کار بکات و سەما بکات بۆیە وازی لە پێڵاو بۆیاغکردن هێنا. لەو ماوەیەشدا ئافرەتێکی سپیپێستی جوانی مێرددار ناسی کەناوێکی خوازراوی (سۆفیا)ی لێ دەنێ. سۆفیا مەسرەفی دەکردو دوایی کارێکی بۆ دۆزییەوە. ئەو کاتە ماڵکۆڵم (١٦")ساڵ بوو "بەڵام بەلەش و باڵای (٢٦) ساڵان".

ماڵکۆڵم دوایی چووە هارلم "گەڕەکە گەورە بەناوبانگەکەی ڕەشەکان لەشاری نیویۆرکدا"و لە بینایەکدا دەنوست کەبە زۆری ئافرەتی ڕەشی لەشفرۆش تێیدا دەژیان. ماڵکۆڵم بۆمان باس دەکات چۆن پیاوی سپی دەهاتن بۆ هارلم بۆ دەستکەوتنی ئافرەتی ڕەش و چۆن ئافرەتی سپی دەهاتن بۆ ڕابواردن لەگەڵ پیاوی ڕەش. ئەم شتانە ڕۆژانەو ئاسایی بوون بەڵام لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا ڕاپەڕین و تاڵانی لەهارلمدا ڕووی دا، لەوکاتەشەوە سپییەکان دەترسان بچنە ئەوێ.

ماوەیەك خەریکی قاچاخچێتی (ماریجوانا)و شتی تر بوو، دوایی وردە دزیی دەکرد، کە لێپرسراوانیش دژ بەم کارانە توندو تۆڵتر بوون دەستی دایە قاچاخچێتیی ژمارەکانی بلیتی (یانەسیب)، ئەویش بۆ کابرایەکی سپیپێست.. سپییەکان "ڕێکخەری قاچاخچێتی بوون لەهەموو شوێنێکدا".

پاشان بووە گەواد لای ئافرەتێك.. پیاوی سپیپێستی دەهێنا بۆلای ئافرەتی ڕەشپێست، هەروەها گەوادیشی دەکرد بۆ ئافرەتێکی سپیپێست کە پسپۆڕی کاری گەوادی بوو.

وازی لەم کارە هێناو لای جوولەکەیەك ئیشی کرد کە یەکێك لە ئیشەکانی قاچاخچێتیی مەشرووب بوو –ئەو کاتەش دروستکردن و فرۆشتنی مەشرووب لە ئەمەریکادا قەدەغە کرابوو. ئەم جوولەکەیە نەك تەنها قاچاخچی بوو بەڵکو هەروەها فێڵیشی لەمەشرووبەکان دەکرد.

ماڵکۆڵم پەروەردەی گۆم و زەلکاو بوو، شایەتی ئەو پێش هەموو شایەتییەك وەردەگیرێ.. ماڵکۆڵم شایەتی ژیانی نزمی گەورە پیاوانی ئەمریکا بوو.

ژنی ئەو کابرایەی ماڵکۆڵم قاچاخچێتیی ژمارەی یانەسیبی بۆ دەکرد بۆی دەگێڕایەوە چۆن بەرتیل دەدرێتە فەرمانبەران و چۆن پیاوانی ئاسایش بەکرێ دەگیرێن و چۆن پارێزەر هەن بێ بروانامە کاردەکەن.. گەندەڵییەك بوو لەسەر بەرزترین ئاستی پیاوانی دەوڵەت. ئافرەتەکە پێشی وت کەوا (تاوانبار)و (پیاوی یاسا)و (پیاوی

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

سیاسی) شەریکن‌و لەهەر دەزگایەکی کۆمەڵایەتی‌و ڕامیاری‌و ئابووریی ئەمریکا ناتوانرێ یەکێکیان لەوانەی تر جیابکرێتەوە.

(شذوذ)ی جنسیی ئەمەریکییەکان بەزۆری لەناو چینە بەرزەکانداو نێوان پیاوانی "بەرز"دا دەبینرا[2].

(ڕۆدی) کە هاوڕێیەکی ماڵکۆڵم بوو لای یەکێك لە کۆڵەکەکانی کۆمەڵگەی (بۆستن)دا کاری دەکرد، ئەم کابرایە پیرەمێردێك بوو ئارەزووی ئەوەی هەبوو ڕۆدیی خزمەتکاری جلەکانی بۆ لەبەردابکەنێ‌و (پۆدرە) لە هەموو لەشی بدات.

کاتێکیش ماڵکۆڵم خەریکی گەوادی بوو دەیبینی ئەوانەی بە دزییەوە دەهاتنە (هاڕلم) بۆ کاری جنسی، ئەمانە پیاوانی سیاسەت‌و پیشەسازی‌و دارایی‌و خاوەن دەسەلات بوون، هەروەها سەرۆکەکانی شارەوانی‌و ناودارانی سینەماو شانۆ، ئەمانە کە دەگەیشتنە جێگەی مەبەست دەموچاوە دەستکردە بەشەرەفەکانیان دەکەوتە خوارەوە، ئەمانە "پارەیەکی زۆریان سەرف دەکرد بۆ خۆشییە سەیرەکانیان کە دوو یان سێ یان چوار سەعاتیان دەخایەند".

هەندێکیان داوایان دەکرد بەقامچی لێیان بدرێ، سەیریش ئەوەیە کە بەساڵاچووەکان (٦٠ یان ٧٠ ساڵ) داوای ئەمەیان دەکرد، هەندێکیشیان پارەیان دەدایە ماڵکۆڵم بۆ ئەوەی تەماشایان بکات کاتی لێدانەکە. ئەمانە دەکەوتنە سەر ئەژنۆو لەئافرەتە ڕەشەکان دەپاڕانەوە ئەویش لێی دەدان. ئافرەتەکە "وەکو خەڵووز وابوو"، ئەم سپیانە دەیان وت "چەند ڕەش تر ببێت ئەوەندە باشترە"، بە پێچەوانەی ئەوەی لەدەرەوەی ئەو جیهانەی هاڕلمدا دەوترا.

هەندێك (مەعمیل) ئافرەتی سپیپێست بوون، ئافرەتە گەوادەکە پیاوێکی ڕەش.. "زۆر ڕەش"ی دەنارده ماڵی ئەو ئافرەتە سپیپێستانە، ئەو ماڵانەی کە -کاتێك پێوەندی نێوان ڕەش‌و سپی بە ئاشکرایی بێ- دەرگا ناکەنەوە بۆ مرۆڤی ڕەش تەنها مەگەر خزمەتکار بێت.

ئا لێرەدا لە جیهانی پشتەوە، جیهان ئارەزووی سەیرو نەخۆشی، هەموو شتەکان ئاوەژوون.

ماڵکۆڵم تووشی بەزمێك لەگەڵ قاچاخچییەکی تر بوو و خەریك بوو حاڵ بگاتە کوشتن، ئا لەم کاتەدا (کورتە باڵا) لە (بۆستن)ەوە هات‌و ماڵکۆڵمی بردە ئەوێ‌و تاقمێکیان بۆ کاری دزی پێکهێنا، ئەو دوانەو ڕۆدی لەگەڵ (سۆفیا)و خوشکەکەی. کاری ئەم دوو ئافرەتە سپییەش ئەوە بوو بەناوی لێکۆڵینەوە یان شت فرۆشتن.. ئەو ماڵە بپشکنن کە دەچنە ناوی‌و دوایی نەخشەیەکی دروست بکەن، پیاوەکانیش بەهۆی ئەم زانیارییانەوە دەچنە سەر ئەو ماڵە، یەکەم ماڵیش چوونە سەری ماڵی ئەو پیرە سەیرەی (ڕۆدی) کاری لا دەکرد، شتە دزراوەکانیان دەدایە کابرایەکی سپی کە دەیخستە گەراجەکەی خۆی، ئەم کابرایە لەوان دزتر بوو چونکە لەوان زیاتری دەست دەکەوت.

---

[2] (شذوذ) ئێستا بۆتە ئاسایی‌و تەنانەت لە ژمارەیەك شوێنی ئەمەریکادا بۆتە یاسایی تەنانەت ناوی (شذوذ)ی لێ نانرێ هەرچەندە بەرەنگارییەکی توندیش لەدژی بەیاسایی کردنی لە ئەمەریکادا هەیە ئەویش بەهۆی ئەوەی ڕەوتی موحافز تێیدا بەهێزەو پشتیوانییەکی هەیە لەناو بەشێکی گەورەی جەماوەردا.

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

ماڵکۆڵم وەکو جاران تلیاکی زۆر خواردبوو، ناوریایانە ڕەفتاری کردو لەمەلهایەکدا بووە هۆی ئەوەی هاوڕێیەکی مێردی (سۆفیا) بەو پێوەندییەی نێوانیان بزانێ. لەوکاتەشەدا مێردی سۆفیا بەچەکەوە هاتە ماڵی ماڵکۆڵم -بنکەی دزیکردن- بۆ کوشتنی.. ئەو لای سەعاتچییەکی جوولەکە بوو بۆ ئەوەی سەعاتێکی دزراوی وەربگرێتەوە کەپێشتر بۆ چاککردن دابنابوو، جوولەکەکە سەعاتەکەی ناسیبووەوەو خەبەری دابوو. کابرای ئاسایش ماڵکۆڵمی گرت بەڵام نەیپشکنی، ماڵکۆڵم چەکدار بوو و دەیتوانی ئاسایشەکە بکوژێ بەڵام لەپڕ دەمانچەکەی دەرکردو دایە دەستی.. دوایی زانی کە دوو ئاسایشی تر خۆیان شاردبووەوە، ئەگەر تەقەی بکردایە دەیانکوشت.. خودا لەو ڕۆژەدا دوو جار ژیانی پاراست.

خودا ویستی ماڵکۆڵم بژی بۆ ئەوەی کارێکی گەورە بەجێ بهێنێ.

" وَاللَّهُ غَالِبٌ عَلَى أَمْرِهِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لا يَعْلَمُونَ"–يوسف:٢١"

تاوانەکەی ماڵکۆڵم دوو سێ ساڵی سزای بەس بوو بەڵام حوکمەکەی دە ساڵ بوو چونکە ماڵکۆڵمو (کورتە باڵا) "قولە ڕەش" بوونو هاوڕێیەتی ئافرەتی سپییان دەکرد:

"چ کچێکی سپی باشنو چ قوڵە ڕەشێکی پیسن"!

ماڵکۆڵم (٢١) ساڵی تەواو کردبوو کاتێك خرایە بەندیخانە.

ماڵکۆڵم باسی ڕۆژانی گومڕاییو ژیانی ناو گۆمی تاریکی دەکات:

"بەدرێژایی ئەو تەمەنە مردبووم.. مردبووم لەناوەوە"..

ئەو کاتە ئەمەی نەدەزانی. ڕۆژێك -دوای ئەوەی بووە بانگخوازێك بۆ ئیسلام- بانگ کرابوو بۆ سیمینارێك لە کۆلێجی یاسا لەزانکۆی (هارڤارد)دا، بەڕۆشتنەوە بوو کاتێك لەپەنجەرەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد.. ئەو بینایەی بینی کە کاتی دزیو چوونە سەر ماڵان کردبوویە بنکە:

وەکو شەپۆل هەست لەناخیدا جووڵا، جارانی کەوتەوە یاد کە "وەکو ئاژەڵ دەژیامو بیرم دەکردەوە". ئەوسا لەکوێو چیی دەکردو ئێستا لەکوێیەو چی دەکات.

لەم بیرکردنەوانەدا بوو کە چیرۆکێکی یۆنانیی کۆنی بیرکەوتەوە.. (ئیکار) لاوێك بوو باوکی باڵی بۆ دروستکردبو و بەمۆم پەڕەکانی بەیەکەوە بۆ لکاندبوو. ئیکار دڵی خۆش بوو، وای زانی خۆی بەرزدەکاتەوە تا ئەوەندە بەرزفڕی خۆر مۆمەکەی توانەوەو کەوتە خوارەوە.

"لەبەردەم ئەو پەنجەرەیەدا لە هارڤارددا بڕیارم دا بەرامبەر خودا کە ئەوەم لەیاد نەچێ کە ئیسلام ئەم باڵانەی پێ دام، تەنانەت یەك چرکەیەکیش ئەوم لەیاد نەچوو".

بەندیخانە

ماڵکۆڵم لەبەندیخانەی (چارلستن)دا بەندکرا. بەم جۆرە لەپڕ تلیاکی لێ بڕا. کەوتە کوفر کردن، ئەوەندەش دوژمنایەتیی ئاینی دەکرد بەندکراوەکان ناویان نابوو "شەیتان"، ئەو کاتەش ڕەشپێستێکی ڕۆشنبیر لەگەڵیدا

بەندکرابوو کە بەهۆی ئەوەوە فێربوو کوێرانە هێرش نەباتە سەر ئاین بەڵکو بەڵگە بەکاربهێنێ هەرچەندە وەکو ئەو دەڵێ بەڵگەکانی ئەو هیچ نەبوون لەچاو بەڵگەکانی ئەو هاوڕێ ڕەشپێستەی.

ماڵکۆلم توانی تلیاك پەیدا بکات ئەویش بەهۆی پاسەوانەکان کە بە بەندکراوەکانیان دەفرۆشت. (ئێڵلا)ی خوشکی پارەی بۆ دەنارد، ئیڵلای یەکەم کەس بێت بۆ بینینی. (فیلبەرت)ی خواناسی برای نامەیەکی بۆ ناردو تیایدا وتبووی کە "کەنیسەکەم دوعات بۆ دەکات" ئەویش وەڵامێکی زۆر خراپی دایەوە.

(هیلدا)ی خوشکی بۆی نووسی کە ئەو پۆستکارتانەی دەیاننێرێت لەبەر خراپیی ڕێزمان و دەست و خەت ناخوێنرێنەوە.. ماڵکۆلم دەڵێت لەکۆتایی قوتابخانە سەرەتاییەکەوە لە ماسۆن (مەیسن)دا بە مێشکیدا نەهاتبوو هیچ بخوێنێ "لەوانەیە جگە لە هونەری قاچاخچێتی" بۆیە دەستی کرد بەفێربوونی ئینگلیزی و چاك کردنی دەست و خەتی.

دوای ئەوەی برایە بەندیخانە (کۆنکۆرد) فیلبەرتی برای –کە هەمیشە خەریکی چوونە ناو بزووتنەوە نوێکان بوو– نامەیەکی بۆ نارد کەوا "ئاینی سروشتی ڕەشەکانی دۆزیەوە"، وەڵامی ئەم جارەی ماڵکۆلمیش باشتر بوو بەڵام هەر قسەی وت بە "کەنیسە" نوێکەی براکەی. دواییش نامەیەکی بۆ هات لە (ریجینالد)ی برای کە تێیدا دەڵێ جگەرە نەکێشێ و گۆشتی بەراز نەخوات و دوایی پێی دەڵێ چۆن لەبەندیخانە دەردەچێ. ماڵکۆلم وای زانی براکەی پیلانێکی بەدەستەوەیە بۆ دەربازکردنی، بەهەرحاڵ بەقسەی کرد.. گیراوەکانیش سەریان سوڕما بوو: ڕەشپێستەکان شێتی گۆشتی بەرازن کەچی "شەیتانەکە" گۆشتی بەراز ناخوات.

براو خوشکەکانی لە (دیترۆیت)و (شیکاگۆ)دا ببوونە موسڵمان، دوعایان بۆ ماڵکۆلمی برایان دەکرد بێتە سەر ڕێی ڕاست. (ئێڵلا) –کەهێشتا نەبووە موسڵمان– واسیتەیەکی بۆ کرد بۆ ئەوەی بنێردرێتە موستەعمەرەی (نۆرفۆلك) کەلە بەندیخانە نەدەچوو، کتێبخانەیەکی گەورەی تێدا بووەو دەمەتەقێی فیکری تیادا دەگێڕدراو پسپۆڕ لەزانکۆی (بۆستن)و (هارڤارد)ی بۆ دەهات.

ماڵکۆلم ساڵی ١٩٤٨ برایە ئەوێ، لەوێدا (ریجینالد)ی برای بچووکی هاتە لای و باسی (ئیلیجا)و (فارد)و (شەیتان)ی کرد، شەیتان پیاوی سپییە، ریجنالد وای پێ ووت. دوای چەند ڕۆژێك هاتەوە لای و باسی شەیتانی سپی بۆ کردەوەو بۆی باس کرد چۆن ئەو شەیتانە مێشکی مرۆڤی ڕەشپێستی سڕیوەتەوە.

قسەکانی دوو سەردانەکە کاریان تێکرد، ئێستا بۆ یەکەمین جارە بیر لەشتی جددی دەکاتەوە. دوابەدوای ئەمە ڕۆژانە نامەی لەبراو خوشکەکانییەوە بۆ دەهات و شتی زیاتری زانی لەبارەی مێژووی مرۆڤی ڕەش و ئەو مێشك سڕینەوەیەی سپییەکان لەگەڵیدا کردوویانە. (هیلدا)ی خوشکی بۆی گێڕایەوە چۆن پیاوی سپی لەسەر زەوی پەیدا بوو "کە چیرۆکێکی خەیاڵییەو پڕە لەڕق لەو پیاوی سپییە"[٣]، ماڵکۆلم دەڵێ دوای ئەم قسانە :

"وەك چۆن هەموو هەستە ئاژەڵییەکانی گیتۆ دارستان و هەستی ئاژەڵیی ڕێوی و گورگ و تاوانکاری.. بەبادا چووبن".

[٣] ئەو چیرۆکە مایەی تووڕە بوونی موسڵمانی ڕۆژهەڵات بوو. بەڵام ماڵکۆلم لۆمەیان دەکات کە کارێکی وایان نەکردووە ئیسلامی ڕاستەقینە بەڕۆژئاوا بگەیەنرێ و ئەمە ڕێگە خۆش دەکات بۆ چیرۆکی وا..

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

ئینجا موعاناتی ماڵکۆڵم دەستی پێکرد، زۆر بەزەحمەت نانی بۆ دەخورا. خەریك بوو لە برسانا بمرێ‌و هاوڕێیانی بەندیخانەو لێپرسراوان سەغڵەت ببوون "سەخت ترین‌و جوانترین موعانات بوو کەبەسەرم هات".

نامەیەکی بۆ (ئێلیجا) نووسی ئەویش وەڵامی دایەوە. نۆرەی نوێژکردن هات، ناخۆشترین شت بوو لای چونکە وەك دەڵێ چۆك دادانی تاوانباران لەسەر دڵ زەحمەتە:

"مـن تەنـها بـۆ چارەسـەرکردنی قفڵێـك کـاتی دزی بەسـەر ئـەژنۆدا چۆکـم دادەدا"

کاتێکیش توانی چۆك بۆ خودا دابدات‌و ئاوا بمێنێتەوە:

"نەمزانی چی بۆ خودا بڵێم".

خێرا گۆڕانکاریی بەسەردا هات. ماڵکۆڵم ئاکارێکی هەبوو: هەرکاتێك بڕیاری دەدا زوو دەکەوتە کار. خۆی زۆر سەرقاڵ کردبوو، نامەی زۆر دەنارد بۆ ئێلیجا و خوشك‌و براکانی و هاوڕێیـانی گومڕایـی بـەڵکو هـەتا بـۆ لێپرسراوانی دەوڵەت‌و بۆ سەرۆك کۆمار خۆی، تاوانەکانی سپیپێستەکان دەخستە بەردەم ئەم لێپرسراوانە، بێ گومان هیچ لەم نامانە نەدەخوێنرانەوە –ئەوە ئەگەر گەیشتبێتنە جێ.

بۆ چـاککردنی دەسـت‌و خـەتی‌و زانینـی وشـەی نـوێ فەرهـەنگێکی وەرگـرت‌و هـەمووی نووسـییەوە، بەفەرهەنگ‌و نامەکانییەوە "ڕەنگە دوو ملیۆن وشەم نووسیبێ".

هەروەها سەرقاڵی خوێندنەوە بوو، تا سەعات سێ یان چواری بەیانی‌و لەبەر ڕووناکییە کەمەکەی داڵانەکە.

ڕۆژبەڕۆژ هەستی دەکرد حەزکردنی بە هاوڕێتیی سپییەکان زیاتر لە هاوڕێتی کردنی ڕەشـەکان تاوانە، کە ئـەو گۆڕانکارییانەشـی بەسـەردا دەهـات پێوەنـدی خـۆی لەگـەڵ ڕەشـەکاندا پتـەوتر دەکـرد. باسـی مێـژووی ڕەشەکانی بۆ ئەو برایانەی باس دەکردو بۆی باس دەکردن چۆن سپییەکان توانییان مێشکیان بسڕنەوە کە گوایە هەرچییەك سپیتر بێ باشترە، زۆر جار بەشێکیان توند ڕادەچڵەکان دواییش دەکەوتنە بیرکردنەوە.

کە دەیزانی هاوڕێکەی "پێ گەیشت" بانگی دەکرد بۆ شوێنکەوتنی (ئێلیجا). دەشبوایە وریا بووایە چونکە دەکرا نەگبەتێکی مێشکسڕاو، "مام تۆمێك" خەبەر بداتە سپییەکان.

ماڵکۆڵم هـەر خۆی بانگەوازکەری ناو بەندیخانـەکان نـەبوو، لەهـەموو بەندیخانـەکاندا بـانگخواز هـەبوون، ئیسلام لەناویاندا بەخێرایی بڵاودەبووەوە، بەندکراوەکان زیاتر لەڕەشـەکانی دەرەوەی بەندیخانەکان سروشتی پیاوی سپییان دەزانی، ئەم بڵاوبوونەوەی ئیسلامیش ببووە مایەی ناڕەحەتیی حکومەتی ئەمریکا.

بەندیخانە جێگەی کۆکردنەوەی ئەندام بوو.. ڕەشپێستێکی بەندکراو دەڵێت "ئەگەر موسـڵمان نەبوومایـە دەبوومە پیاوێکی شێت"[٤].

دوای ئەمە ماڵکۆڵم لە دەمەتەقێیە هەفتانەکەی ناو بەندیخانە بەشداری کرد، هەرچەندە وەکو ڕۆشنبیرێك قسەی نەدەکرد بەڵام بەدەموزمان بوو، هەموو قسەکانیشی دەربارەی مێژووی ڕەشەکان‌و ئەو چەوساندنەوەیەی تووشی ببوون‌و تووش دەبن.

[4]D.David TéléObs. 141,p.3.

ئەم کارانەی ماڵکۆڵم ببوونە هۆی ئەوەی لێپرسراوان لەبەندیخانەدا نەهێڵنەوە، بیانوویەکیان لێ گرتو گەڕاندیانەوە (چارلستن) بیانووەکەش هیچ بوو: ماڵکۆڵم دەرزی لەخۆی نەدابوو.

لە (چارلستن)یشدا ماڵکۆڵم لەقسە نەکەوت. ڕۆژێك وای لەمامۆستا سپییەکەی وانەی ئاین کرد دان بنێ بەوەی کە (پۆڵس) -لەبەرئەوەی عیبری بوو- ڕەشپێست بوو (یاخود ڕەنگدار)، دوا بەدوای ئەوەش لەمامۆستاکەی پرسی: "ئەی ڕەنگی مەسیح چی بوو؟ ئەویش عیبری بوو.. وا نییە؟"

هەموو گیراوەکان ڕاست بوونەوە.. ئەمە ڕاستییەکی سەیر بوو لایان چونکە کەنیسەکان مەسیح وەکو چاوشینێکی قژ زەرد وێنە دەکەن هەرچەندە مەسیح لەڕۆژهەڵاتدا لەدایك بووەو ژیاوە.

هەر ئەو شەوە ئەو قسەیە لەناو گیراوەکان بڵاوبووەوە تەنانەت لە سجنە ئینفرادییەکانیشدا.. بۆ کوێش دەچوو گیراوەکان ئیشارەتی پشتگیری کردنیان بۆ دەکرد.

هەر دەرفەتێکیش بۆ ماڵکۆڵم دەڕەخسا لەڕەشێك نزیك ببێتەوە پێی دەوت: "پێم بڵێ.. کابرایەکت بیستووە ناوی ئیڵیجا بێ؟"

بانگەواز بۆ ئیسلام

ماڵکۆڵم پاش حەوت ساڵ بەرەڵا کرا، واتا سێ ساڵ پێش تەواوکردنی ماوەکە، خۆی دەڵێ: دیار بوو بەرپرسان وایان بەباش زانی لەدەرەوەی بەندیخانەدا بێ نەك لە ناوەوەی.

ماڵکۆڵم چووە (دیترۆیت) لای (وێڵفرێد)ی برایو لای جوولەکەیەك کاری کرد، ماڵکۆڵم بینی چۆن جولەکەکان دەستی ڕەشپێستان دەبڕن، جوولەکە شت بەقەرز دەدەنە ڕەشەکان -ڕەشەکانیش بەدوای شتی وادا دەگەڕان- بەڵام بە سێ یان چوار ئەوەندەی نرخی ڕاستی شتەکە. برە زۆرەکەی سووەکەش لەعەقدەکەدا بەپیتی وا بچووك دەنووسرا کە نەدەخوێنرایەوە.

ماڵکۆڵم یەکتر خۆشویستنو ڕێزگرتنی موسڵمانانی بینی، چووە ناو جیهانێکی نوێی پاکی دوور لەو گەندەڵییە بەربڵاوەی کۆمەڵگەی ئەمەریکی. لەماڵی براکەشیدا تامی ژیانی ناو خێزانێکی ئیسلامیی چەشت، کڕنووشی داو سوپاسی خودای کرد.

ماڵکۆڵم بیری لە برا ڕەشەکانی دەکردەوە کەلەناو گۆمدا دەژیانو کەتا دوێنێ خۆی یەکێك لەوان بوو. ویستی گەورەترین ژمارەیان بانگ بکرێنو بایەخێکی گەورەتریان پێ بدرێ، (ئیڵیجا) ئەمەی پێ خۆش بوو پێی وت کەخۆی لەگەڵ لاوەکاندا خەریك بکات.

(ئیڵیجا) یەکەم کەس بوو کە ماڵکۆڵم لێی بترسێ بەڵام ئەو ترسە وەکو ترسی تر نەبوو. ماڵکۆڵم (ئیڵیجا)ی دەبینی بەدەستی خۆی گسك لە دوکانەکانی موسڵمانە ڕەشەکان دەداو فێریان دەکات کە تەمەڵی گوناهە، ئەوەش کە زیاتر لەمێشکی ماڵکۆڵمدا چەسپیبوو نموونەیەکی (ئیڵیجا) بوو کە پەرداخێك ئاوی پیسو پەرداخێك ئاوی پاکی داناو وتی: ئەگەر بتەوێ بیروباوەڕەکانم بچێنی قسەی خراپ بەو کەسە مەڵێ کە پەرداخەکەی پیسە. هەر ئەوەندە پەرداخە پاکەکەی خۆتی پێ پیشان بدە.

مالکۆلم دەڵێ: بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر پەیرەوی ئەم ئامۆژگارییەم نەدەکرد چونکە هەمیشە حەزم دەکرد دەمەقاڵە بکەمو بە خەڵك بڵێم پەرداخەکەتان پیسە!

(ئێلیجا) زۆر ئامۆژگاریی دەکرد کە دەبێ پەلە نەکات بەڵام مالکۆلم ئارامی نەدەما کاتێك ڕەشەکانی دەبینی بەو شێوەیە نوقمی زەلکاو بوون.

چالاکییە بێوچانەکەی مالکۆلم بووە هۆی زۆربوونی ژمارەی ئەندامانی (نەتەوەی ئیسلام).

دوای ساڵێکیش بووە (پاستوور)ی[5] پەرستگەی ژمارە (١) لە (دیترۆیت)دا.

مالکۆلم هەموو ئێوارەیەك بۆ "ڕاو" دەچوو. خەریك بوو مێشکی دەتەقی کەدەیبینی ڕەشە گومڕاکان گوێ ناگرن بۆ ئەو کەسانەی هاتوون لەو تاریکییە دەریان بێنن.

موسڵمانان لەبارو چایخانەکاندا بەدوای تلیاکخۆران و لادەران دەگەڕان بۆ چاککردنیان، موسڵمانان زۆر بەئارام بوون لەگەڵ تلیاکخۆران و جاری وا بوو ساڵێکیان پێ دەچوو بۆ چارەسەرکردنی یەك تلیاکخۆر.

موسڵمانان ڕێگایەکی تایبەتیان هەبوو. ماوەیەك لەگەڵ تلیاکخۆرەکە خەریك دەبوون تا ئەو ڕاستییە لەمێشکیدا دەچەسپی:"کارەکەت هەڵەیەو بەهۆی پیاوی سپییەوە وات لێهاتووە"، لە قۆناغێکی دیاریکراویشدا پێی دەوترا ببێتە ئەندامێکی (نەتەوەی ئیسلام) تا لە تلیاك ڕزگاری ببێ، دواییش بانگ دەکرا بۆ چێشتخانەی ئیسلامی، لەوێشدا موسڵمانی ڕەشپێستی خاوەن کەرامەت و ڕێزگرتن دەبینی، تەماشا دەکرد بە (برا)و (کاك) بانگ دەکرێ، تلیاکخۆر دوای ئەمە بڕیاری دەدا واز لە تلیاك بێنێ، بەهۆی وەستانیش لەتلیاکخواردن تووشی ئازارێکی گەورەی وەك گیانەڵا دەبوو، برا موسڵمانەکانیش شەوو ڕۆژ بەنۆرە بەدیارییەوە دەمان تا بەم قۆناغەدا تێدەپەڕی، ئەگەر تلیاکخۆرەکەش ئافرەت بێ، خوشکانی موسڵمانی لەگەڵدا دەبوون.

هەر ئەم تلیاکخۆرانەش خۆیان دوای ڕزگاربوونیان دەچنەوە ناو برا ڕەشەکانیان بۆ "ڕاو"و دەبنە هۆی ڕزگاربوونی ژمارەیەکی تر.

مالکۆلم دەڵێ کەوا کاری موسڵمان ئەوەندە سەرکەوتوو بوو دەزگاکانی تەندروستیی سەر بە حکومەت دەیانویست بزانن چۆن موسڵمانان لەم بوارەدا کار دەکەن[6] مالکۆلم داخی ئەوە دەخوات کە لە جیاتی سوپاس کردن هێرشیان دەبرایە سەر لەکاتێکدا ئەگەر پێست سپییەك یان ڕەشێك کە سپییەکان "لێی ڕازین" چارەسەرێکی وا بدۆزنەوە ستایش دەکران و خەڵاتیان دەدرایە.

موسڵمانان سوودێکی گەورەیان بەکۆمەڵگە دەگەیاند:

"پێم وترا کەوا ئەو تاوانانەی تلیاکخۆران دەیکەن لە نیویۆرکدا (ساڵێ) بایی چەند ملیار دۆلارێکە"

ئەوەش چونکە تلیاکخۆر کار ناکات بەڵکو دزی دەکات، ئافرەتیش وردە دزی دەکات یان دەبێتە لەشفرۆش.

ئەندامانی نەتەوە ڕوویان دەکردە شوێنی جۆراوجۆر بۆ "ڕاو". مالکۆلم دەڵێ کەوا بۆیان دەرکەوت باشترین جۆرە "نێچیر" ئەوانەن کە ڕوو دەکەنە کەنیسەکان. موسڵمانەکان نزیك نەدەکەوتنەوە لە کەنیسە گەورەکان کە

---

[5] ئەو کاتە بۆ (ئیمام) وشەی پاستووریان بەکاردەهێنا کەناوی قەشەی لقێکی نەصرانییەتە.

[6] تا ئەم کاتە سەرکەوتوویی موسڵمانان بەردەوامە.

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

بەزۆری ڕەشپێستە "بورجوازییەکان" ڕوویان تێدەکردن.. ئەمانە زۆر لەخۆیان بایی ببوون و زۆر مەبەستیان بوو پلەو پایەی خۆیان بپارێزن.

زۆری ئەو کەسانەش کە لە کەنیسە بچووکەکان "ڕاو دەکران" ئافرەت بوون، لەکاتێکدا پیاوەکانیان لە کۆبوونەوەکانی قەومییە ڕەشەکان ڕاو دەکرد. ماڵکۆلم قسەی بۆ ئەو ئافرەتانە دەکرد:

"پیاوی ڕەشپێست ڕێزی دەست ناکەوێ تا فێر نەبێ چۆن ڕێز لە ئافرەتی ڕەشپێست بگرێ"

پاش قسەکردن بۆیان داوایان لێ دەکات هەریەکێك بڕوای بەو قسانە هەیە هەڵسێتە سەرپێ: هەمووشیان هەڵدەستان بەڵام کە دەیووت ئەوەی ئامادەیە شوێنی ئێلیجا بکەوێ با هەڵسێتە سەرپێ زۆر کەمیان هەڵدەستان.

ئەو ئافرەتانە بەر لەهەموو شتێك لەبنەما ئەخلاقییەکانی نەتەوە دەترسان چونکە نەدەبووایە موسڵمانی ڕەشپێست مەشروب بخواتەوە یان زینا بکات یان گۆشتی بەراز بخوات یان جگەرە بکێشێ و تلیاك بەکاربهێنێ یان دزی بکات و درۆ بکات یان ڕەفتاری خراپی هەبێت لەناو خێزانی خۆیدا بەتایبەتی لەگەڵ ئافرەتدا.

ماڵکۆلم سوور دەبوو لەسەر ڕوونکردنەوەی هۆکانی پەسەندکردنی ئەم بنەمایانە:

"سپیپێست دەیەوێ ڕەشپێست وەکو مرۆڤێکی بێ ڕەوشت، پیس، نەزان، بمێنێتەوە، چەندیش ئاوا بمێنینەوە هەر دەبێ لەسەر ئەژنۆ چۆك دابدەین و پیاوی سپیپێست وەکو ئاغای ئێمە بمێنێتەوە"[7]

ئێلیجا ماڵکۆلمی بۆ (بۆستن) لای برا (لۆید ئێکس) نارد، پاش سێ مانگ توانیان مزگەوتێکی بچووك لەوێدا بکەنەوە، ئێلڵای خوشکیشی بۆ یەکەم جار هات بۆ گوێ گرتن، بڕوای نەدەکرد ئەوەی بۆ خەڵك قسە دەکات ماڵکۆلمی برایەتی. ماڵکۆلم گۆڕانێکی گەورەی وای بەسەردا هاتبوو کە لە بڕوای ئێلڵادا نەبوو ڕوو بدات. ئێلڵا دوای پێنج ساڵ بووە موسڵمان.

پاشان ماڵکۆلم بووە پاستووری پەرستگای ژمارە (١)ی شاری (فیلادێلفیا)، دوای مانگێکیش بووە پاستووری پەرستگای (٧)ی نیویۆرك ئەویش دوکانێکی بچووك بوو کرایە مزگەوت. زۆر خۆش حاڵ بوو چونکە دەیزانی کاری چاك لە (هارلم)ی نیویۆرکدا دەکرێ، بەم جۆرەش ماڵکۆلم گەڕایەوە هارلم بەڵام چۆن گەڕانەوەیەك.

لەم کاتانەدا بەملاو بەولادا گەشتی دەکرد، هەموو چوارشەممەیەك وتاری لەپەرستگەی (١٢)ی فیلادێلفیادا هەبوو، پەرستگەیەکی لە شاری (سپرنگفیلد)ی (ماستچوسێتس) دانا ئەویش بەیارمەتیی (ئۆسبۆرن ئێکس) کە لەسەر دەستی ئەو لەبەندیخانەدا بووە موسڵمان. ئافرەتێکیش بانگی کرد بۆ شاری (هارتفۆرد)و (١٥) ئافرەتی خزمەتکاری تریان بانگ کردو بەم جۆرە پەرستگای ژمارە (١٤)ی شاری هارتفۆرد کرایەوە. دوایی یارمەتی برایانی دا لە کردنەوەی پەرستگای (١٥)ی (ئەتلانتا). وەك دەشڵێ زیاد لەسەد مزگەوتی دامەزراند یان یارمەتیی موسڵمانانی دا لە دامەزراندنیان.

---

[7] ئەمەش کاری داگیرکەری ڕۆژئاواییە لەکۆن و نوێدا: دەیەوێ هیچ بەهایەکی ڕەوشتی نەمێنێ لە وڵاتە بچووکەکاندا تا گەلەکەو بەتایبەتی لاوان نوقمی ئارەزوو بن و توانی بەرگریان نەمێنێ و ئەو ئاغایەتییەکەی خۆی بسەپێنێ، زۆریش لەمێشك سڕاوە ئارەزوو پەرستەکانی لای خۆمان ئامادەی ئەمەن.

ژمارەی ئەندامانی نەتەوەو ئەوانەی ئەندام نەبوون یان هەر موسڵمان نەبوون و بۆ گوێگرتن دەچوون لەزۆربووندا بوو. ئەوساش پەرستگەی ژمارە (١) لە (دیترۆیت)دا شانازیی بەوە دەکرد کاروانێکی دە سەیارەیی بنێرێتە شیکاگۆ بۆ گوێگرتن لە ئێلیجا بەڵام پاش ئەوە ناوچەکانی کەناری ڕۆژهەڵاتی ئەمریکا ١٥٠و ٢٠٠ و تەنانەت ٣٠٠ پاسیان دەنارد جگە لەسەدان کەس کە بە سەیارەی خۆیان دەچوون.

ماڵکۆڵم (بیتی ئێکس)ی مارەکرد، (بیتی) یەکێك بوو لەچەندین ئافرەتی تر کە بەهۆی موسڵمان بوونیانەوە تووشی کێشە ببوون لەگەڵ خێزانەکانیان. کەسوکاری بیتی، کە بەخێویان کردبوو، ناچاریان کرد یان واز لە ئیسلام بێنێ یان خوێندنی تەواو نەکات بەڵام ئەو خۆڕاگربوو، کارێکیشی دۆزییەوە تا ئەو کاتەی لەگەڵ کەسوکاریدا بەینی چاك بووەوە[8].

تا ئەو ساڵە کەس لەنیویۆرکدا ناوی (نەتەوە)ی نەبیستبوو تا ڕووداوێك بووە هۆی ناساندنی (نەتەوە) بەخەڵك. (جۆن هنتۆن)ی موسڵمانی ڕەش لەلایەن پۆلیسەکانەوە تەعدای لێ کرابوو، وەڵامی موسڵمانان ڕێکخراو و پتەوبوو، دواییش توانییان ٧٠هەزار دۆلار وەك قەرەبوو دەست بکەوێ کە زۆرترین پارە بوو بدرێتە ڕەشپێستێك.

دوو شتی تر ناوبانگیان دایە (نەتەوە): کتێبەکەی ئێریك لنکۆڵن: (موسڵمانە ڕەشەکانی ئەمریکا)، کەلەسەرەتادا نامەی دکتۆرا بوو، دووەمیش فیلمێکی تەلەفزیۆنی دەربارەی (نەتەوە)، ئەم فیلمە سپییەکانی تۆقاند، ڕۆژنامەکانیش ڕشانەوە: "کینە.. کینە"، "دوژمنانی مەسیح"، "نێردراوانی کینە"، "فاشیستی ڕەش"..

جاشە ڕەشەکانیش دەیانزانی چی بڵێن، پێویستیان بە فەرمان نەبوو، فێرکرابوو چی بکەن لە باری وادا.

ئێلیجا هەمیشە داوای لە موسڵمانان دەکرد بە ئارام بن و وەڵامی هێرشەکانی پێشەوا ڕەشەکان نەدەنەوە نەوەکو یەکریزیی ڕەشەکان تێك بچێ بەڵام هێرشەکانی ئەمان زۆرترو دڕندانەتر دەبوو تا ئێلیجا ئارامی نەماو فەرمانی دا وەڵامیان بدرێتەوە.

ماڵکۆڵم باشترین وەڵام دەرەوەی دوژمنان بوو، وەکو ڕۆژنامەنووسێکی سپیش دەڵێ: سەرکەوتوویی ماڵکۆڵم لەتەلەفزیۆن و لەکۆبوونەوە گەورەکاندا ترسی دەخستە دڵەوە، لەکۆتاییشدا زۆر لەدوژمنە ڕەشەکانی بێدەنگ دەبوون لەو کاتەی ئەو قسەی دەکردو گوێگرە سپییەکانیش دەپەشۆکان.

ماڵکۆڵم وەسفی یەکەم مێزگرد لەستۆدیۆدا دەکات کە بۆ ئەو و بۆ ڕەشپێست و سپیپێستی لایەنگری "تێکەڵبوون" گیرابوو.

شەیتانە سپیپێستەکان و بووکەشووشەکانی سەر شانۆی سەربەوان گەمەی هاوڕێتییان تەمسیل دەکرد.. گاڵتەیان لەگەڵ یەکتر دەکردو بەناوی یەکەم یەکتریان بانگ دەکرد.

---

[8] یەکێك لە کێشەکانی ئافرەت ئەو فشارەیە کە کەسوکاری یان کۆمەڵگە دەیکەن کاتێك موسڵمان دەبێت، ئەم فشارە تەنانەت لە کۆمەڵگە موسڵمانەکانیشدا هەیە کاتێك ئافرەتێك بڕیار دەدات حجاب بپۆشێ و لە هەندێك وڵاتدا دەگاتە ئاستی حکومی. نموونەی ئەمە زۆرە بەڵام زیاتر تەرکیز دەکرێتە سەر ئەو خێزانانەی زۆر لە کچەکانیان دەکەن خۆیان بپۆشن.

"ئای لەم درۆیانە! ئەمە وای لێدەکردم حەز بکەم بڕشێمەوە"

تەنانەت لەگەڵ ئەویشدا خۆیان وەکو هاوڕێ پیشان دەدا لەکاتێکدا ئەوان بۆیە لەو ستۆدیۆیەدان "بۆ ئەوەی ڕیخۆڵەکانم دەربهێنن".

هەرئەوەندەش وشەی "جیابوونەوە"ی بەزماندا هات هاواریان لێ هەڵسا "ئێوە بانگەواز بۆ ئەو شتە دەکەن کە ڕەگەزپەرستە سپییەکان داوای دەکەن".. ئەویش جیاوازییەکەی ڕوون دەکردەوە:

"ئێمە کەمتر لە ئێوە جیاوازیمان دەوێت.. ئێمە داوای جیابوونەوە دەکەین.. ئەمەش هەمان واتا ناگەیەنێت (..) جیاکردنەوەی ڕەگەزپەرستە بریتییە لەو دەست بەسەرداگرتنەی کە بەرزەکان بەسەر نزمەکاندا دەیسەپێنن لەکاتێکدا جیابوونەوەی ئەنجامی ڕێکەوتنی نێوان دوو لاینی یەکسانە"

دوای ئەم مێزگردە یەکەمە مێزگردەکان بەردەوام بوون و زۆرتر دەبوون:

"لەهەموو جارێکیشدا خۆم لەناو ستۆدیۆدا دەبینییەوە دەچوومە تەنیشت ئەو بووکەشووشە ڕەشانەی شەیدای تێکەڵبوون و شەیدای مێشکسڕینەوەن و هەموو جارێك ئەو شەیتانانە (سپییەکان) هەوڵیان دەدا پێستم کەوڵ بکەن.."

ڕەخنەکانی مالکۆلم نزمێتیی پێشەوا ڕەشەکانی ژێر دەسەڵاتی سپییەکانی دەردەخست.. مالکۆلم باسی (ڕێپێوان بۆ واشنتن) دەکات کە کارێکی جەماوەری بوو و حکومەتی ئەمەریکیی تۆقاند بەڵام حکومەت توانی کارێك بکات ئەو "پێشەوایانە" دەست بەسەر ڕێپێوانەکەدا بگرن و بیکەنە سێرك[9].

ڕێکخراوە ڕەشەکان پێشبڕکێیان بوو لەسەر دەستکەوتنی پارە تا ئەوکاتەی سپیپێستێك پێی وتن کەئەم شەڕە لەسەر چەند فلسێك پایەی ڕێکخراوەکان دەخاتە مەترسی، ئەوانیش خۆیان یەك خست و٨٠٠ هەزار دۆلاریان دەستکەوت.. پارەی سپیپێستەکان بۆ ئەوەبوو ڕەشەکان ئامۆژگاری بکرێن کە هێمن بن و "نەیقەومێنن". چەند ناودارێکی سپی لە ڕێپێوانەکەدا ئامادەبوون ئینجا "تێکەڵبوونخوازان" -کە تا دوێنێ ڕێپێوانەکەیان بەدڵ نەبوو- پاڵەپەستۆیان کرد.. هەریەکێکیان دەیویست پیشانی بدات کە ئەو یەکەم کەسە بەشداری دەکات، دروشم و لافیتەو سروودیان بۆ ئامادەکرابوو، هەموو شتێکیان بۆ ئامادەکرابوو تەنانەت بۆشیان دیاریکرابوو "لەکوێدا لەهۆش خۆیان بکەون".

[9] دەستگرتن بەسەر جموجووڵە جەماوەرییەکان بەهۆی چەند کەسایەتییەك کە مەبەستی یەکەمیان ڕەزامەندیی دەسەڵاتە شتێکە زۆر بینراوە، هەر لە کوردستانی خۆماندا سەرنجی ئەو جموجووڵەی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کوردستان پاش نەمانی ڕژێمی سەددام کراو تێبینی بکە چۆن لەبار برا.

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

ڕێپێوانی گەل کرایە شانۆییەکی کۆمیدی، ئەو ئەندامانەی کۆنگرسیش کە دژی مافە مەدەنییەکانی ڕەشەکانن لەسەر ڕای خۆیان مانەوەو ڕای خۆیان هەر نەگۆڕی.. ئەم مافانەی کە هیچ نرخێکیان نییە بە ڕەشەکان ڕەوا نەزانران:

"ئێمە لەئەمریکادا بەباشی دەزانین پەنا بەرینە بەر فێڵو بەدوای کەلەبەرێك بۆ خۆ دەربازکردن، ئێمە بەرەورووی کێشە ڕاستەقینەکان ناوەستین"[١٠].

ڕەشەکان هێمن کرانەوە بەڵام هەر دەبوایە بیانزانیایە کە ئەم جارەش دیسان سپییەکان گرەوەکەیان بردەوە بۆیە جارێکی تر تەقینەوە، بەم جۆرەش لە "هاوینی دوورودرێژی سووتێنەر"ی ١٩٦٤ قەوما بەڵام قەومانی ئەم جارە خراپتر بوو.

کۆبوونەوە گشتییەکان (نەتەوەی ئیسلام) بەردەوام گەورەتر دەبوون، ئەوەتا لەکۆبوونەوەیەکدا دە هەزار ڕەش هاتبوون، بەوپەڕی ڕێکوپێکییەوە کۆبوونەوەکە بەڕێوە برا، ئیمامی مزگەوتەکان دەهاتن و بەتەوقە لەگەڵ یەکترو بە "السلام علیکم" سڵاویان لەیەکتر دەکرد. چەند کەسێك قسەیان دەکرد:

"جۆن عەلی سکرتێری نەتەوە یان لویس ئێکس قسە دەکەن یان خوشکە تاینیتا باسی بەشدارییە سەرەکییە گرنگەکەی ئافرەتی موسڵمان لەنەتەوەدا دەکات".

دوای ئەوەش ماڵکۆڵم بەخێرهاتنی (ئێلیجا) دەکرد ئەویش دێت و سڵاویان لێ دەکات: "السلام علیکم"، موسڵمانانیش بەیەك دەنگ وەڵامی دەدەنەوە: "السلام علیکم".

وتارە گەرمەکەی (ئێلیجا)و وەڵامەکانی دانیشتوان (تەنانەت ڕەشپێستە نەصرانییەکانیش وەڵامیان دەدایەوە) وای لەکۆبوونەوەکە دەکرد "لەدانیشتنی دەوری ئاگری سەربازگە بچێ".

لەم کۆبوونەوە گشتییانەدا ڕێگە بە سپیپێستەکان نەدەدرا ئامادە بن. بۆیە پێشەوا ڕەشپێستەکان هێرشیان دەبردە سەر نەتەوە "بانگخوازانی جیاکردنەوەی ڕەگەز پەرستی ڕەش!ڕەگەزپەرستان" .. چەند سەیرە:

"ئەمە لەکاتێکدا جیاکردن دژی ڕەشپێستەکان لەسەرتاسەری ئەمریکادا پیادە دەکرێت".

---

[١٠] ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژانەمان ئەمە دەسەلمێنێ: ئەمەریکا سوور دەزانێ کورد ویستبووی نەك تەنها لە سەددام ڕزگاری ببێ بەڵکو هەروەها شتێکی زیاتری دەستبکەوێ کەچی خۆی لە داواکارییەکانی کورد گێل دەکات، ئەمەریکا دەزانێ ئەو پشتیوانییە بێسنوورەی بۆ ئیسرائیل و بێدەنگبوونی لە تاوانەکانی ڕقێکی گەورەی بۆ دوستکردووە لە جیهانی ئیسلامیداو هۆی سەرەکییە بۆ ئەو هێرشانەی دەکرێنە سەر بەڵام خۆی گێل دەکات و پشتیوانییەکە (بەم جۆرەش ڕقی موسڵمانان) زیاتر دەکات، هەروەها داگیرکردنی عیراق هۆی ئەو هەموو کوشتارو نەهامەتییانە بوو و بەشی زۆری عیراقییەکان دژ بە ئەمەریکان بەڵام هێشتا جۆرج بوشی کوڕ خۆی گێل دەکات و باسی هێنانی ئازادی بۆ عیراق دەکات. ئەمەریکاش بەدرێژایی مێژووی پشتیوانیی دیکتاتۆرەکانی کردووەو ئەو پشتیوانییەی بۆتە هۆی ئەوەی گەلان زیاتر ڕقی لێ هەڵگرن و ڕووبکەنە دوژمنەکانی (ئەو کاتە یەکێتیی سۆڤیێت و وڵاتە سۆشیالستەکان بەگشتی)و زیاتر ڕوو بکەنە ئەو ئایدیۆلۆجیایەی کە ئەمەریکا بە هەڕەشەی دەزانی (ئەو کاتە مارکسیەت) بەڵام ئەمەریکا هەر سوور بوو لەسەر ئەو سیاسەتانەی و لەسەر ئەو خۆ گێلکردنە.

لەکۆبوونەوەکاندا ماڵکۆڵم سەرانی F.B.I و پۆلیسی نهێنی تری دەناسییەوە. جگە لەم هاتنەیان بەدزیەوە ئەمانە بە ئاشکرایی بۆ پرسیارکردن دەهاتنە لای موسڵمانان، ئێلیجا نەدەترسا: "چیم پێویستە هەمە، ئەویش ڕاستی". باشترین سیخوڕ مرۆڤی ڕەشپێست بوو، جاش باشترین ئامێرە، بەڵام چونکە بزوتنەوە ئیسلامییەکە بزوتنەوەی ڕابوون بوو ئەو سیخوڕانە کە دەهاتن و گوێیان دەگرت و ڕاستییەکەیان دەزانی وازیان لە سیخوڕی دەهێنا یان لای دەزگای موخابەرات دەمانەوە و هەواڵیان بۆ برا ڕەشەکانیان دەبرد، ئەمە لەکاتێکدا دەستی ئەم دەزگایانە گەیشتبووە بەرزترین ئاست، ئاستی پێشەوایان، لەبزوتنەوە ڕەشەکانی تردا، ئەمانە ڕێکخراوی خەوی تلیاکاوی و نۆکەرایەتی بوو.

ئیسلامی ڕاستەقینە

ئێلیجا محمد پیر ببوو، کۆبوونەوەو وەستانی زۆر ماندووی کردبوو لەبەرئەوە لەجاران زیاتر پشتی بە ماڵکۆڵم دەبەست بۆ ئەو بڕیارو کاروبارانەی کە زۆر گەورە نەبوون، ئێلیجا پێی وتبوو: دەمەوێ بەناوبانگ بیت بەڵام بزانە کە مرۆڤی ناودار حەسوود بۆ خۆی دروست دەکات.

ماڵکۆڵم دەڵێ لە ساڵی (١٩٦١)ەوە دەیبیست کە لە پاشەملە باسی دەکرێ گوایە دەیویست ئەو ببێتە خاوەنی (نەتەوە)، شتێك کەقەت لە ماڵکۆڵمی خەمخۆری گەلەکەی نەدەوەشایەوە.

ماڵکۆڵم پێشتر قسەی بیستبوو لەبارەی کاری ناڕەوای ئێلیجا بەڵام هەرگیز ئەم قسانە کاریان تێ نەدەکرد، بڕوای بە ئێلیجا قایم بوو، بەڵام لەماوەی ساردبوونی پێوەندییەکەی بە ئێلیجاوە قسەکان کارێکی تێکدەریان هەبوو:

"خەوی ناخۆشم دەبینی، مێردزمە بەناونیشانی گەورەوە"

ناچار بوو، چووە لای والاس محمد کوڕی ئێلیجا بۆ "فریاکەوتنی باوکی" والاسیش پێی وت کە لەوە ناچێ باوکی پێویستی بەیارمەتی بێ. دواییش ئێلیجای بینی و بۆی گێڕایەوە چی لەبارەیەوە دەوترێ، وەکو باوك و کوڕێکیش قسەیان لەگەڵ یەکتر کرد.

کوشتنی سەرۆك جۆن کێنێدی (١٩٦٣) برینەکەی قووڵتر کرد، ئێلیجا فەرمانی دابوو کەس لە موسڵمانان لەم بارەیەوە هیچ نەڵێ، بەڵام کە ڕۆژنامەگەرێك لەماڵکۆڵمی پرسی ئەو وەڵامی دایەوە کە کوشتنی کێنێدی ئەو پەندەی بەسەردا دەچەسپێ کە دەڵێ "مریشکەکان دەگەڕێنەوە کولانەکەی خۆیان" واتا کینە چەکێکی کوشندەیە دەگەڕێتەوە ملی خاوەنەکەی.. کینەی مرۆڤی سپیپێست، ئەم جارە مرۆڤێکی سپیپێستی تلانەوە.

ڕۆژی دواتر ئەم قسەیە لەڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە، کە ماڵکۆڵمیش چووە لای ئێلیجا لۆمەی کرد: "دەزانی کە خەڵکی کێنێدییان خۆش دەویست". ئینجا فەرمانی دا کە بۆ ٩٠ ڕۆژ "قسە نەکات".

ماڵکۆڵم دەڵێ ئامانجی ئێلیجا دوورخستنەوەی بوو لە (نەتەوە). ڕۆژ بەڕۆژیش پێوەندییەکەیان خراپتر دەبوو تا ماڵکۆڵم جیا بووەوەو ڕێکخراوی "یەکێتی ئەفرۆ – ئەمریکییەکان"ی دامەزراندو کەمێك لەهاوڕێ کۆنەکانی چوونە پاڵی. بەم جۆرەش.. دەسەڵاتدارانی ئەمریکا توانییان پێوەندی نێوان دوو پێشەواکەی (نەتەوە) تێك بدەن دوای ئەوەی سەرکەوتوو نەبوون لەوەستانی ڕاستەوخۆ بەرامبەری.. بەڵام دوای کوشتنی

ماڵکۆڵم هەوڵی پێك دادانی دوو ڕێکخراوەکە بەهۆی کوشتنەکە سەری نەگرت و هەردوو ڕێکخراوەکە پێوەندی نێوانیان چاککرد.

ماڵکۆڵم زۆری دەبیست لەموسڵمانانی تر، ئەوانەی دەهاتنە ئەمریکا یان لەوێدا دەژیان، لەبارەی ئیسلامی ڕاستەقینەوە "ئەگەر ئیسلامی ڕاستەقینە بناسی لێی تێ دەگەیی و وەریدەگری".

"کەقسەکانیانم دەبیست، من کە قوتابی ئێلیجا موحەممەدم هەستم دەکرد وەك قژم ڕاوەستێ".

دواییش لەخۆی پرسی بۆ هێندە دوو دڵە لەوەی ئیسلام باشتر بناسێ، ئەمەی بە والاس وت ئەویش پشتگیریی کرد، بڕیاری دا حەج بکات و (ئێڵلا)ی خوشکیشی ئەو مەسرەفەی حەج کردنەی بۆ خۆی کۆیکردبووەوە دای بەو.

لە (قاهیرە)دا –پێشی چوونی بۆ حیجاز– زانی کێشەی ڕەنگ لەوێدا نییە، لای سەیر بوو "وەك چۆن لەبەندیخانەوە هاتبێتمە دەرەوە". کێشەی ڕەنگ بەزۆری لەئەمەریکادا هەیە، لای پێشەوای "ئازادی" لەجیهاندا.

ماڵکۆڵم لە (میسر)و (سعوودیە)دا لەلایەن کەسانی ئاسایی و لەلایەن دوو لێپرسراوی سعوودییەوە بەخێرهاتنی گەرمی کرا [١١]، ئەوان لەچاو ماڵکۆڵم پێستسپی بوون، ماڵکۆڵم لەوێشدا ڕەگەزپەرستی و کێشەی ڕەنگی بۆ خەڵکی ڕوون کردەوە، ئەمانەو باری نامرۆڤانەی ژیانی ڕەشەکان لەئەمریکادا خەفەتی دەدایە گوێگرانی.

دیمەنی حەج زۆر کاریگەر بوو، دەیان هەزار کەس لەهەموو ڕەنگ و ڕەگەزو نەتەوەو وڵاتەوە بەدەوری "کەعبە"دا دەخولانەوە، خودا یەکەو مرۆڤایەتی یەکە، ڕژێم و بیروباوەڕەکانی تاریکستانیش دوو بەرەکی ناو مرۆڤایەتیی و دوژمنایەتی دێننە بەرهەم. ئەو برایەتییەش کە ئیسلام کاتی حەج پیشانی دەدات لەکاتێکە ئیسلام لەوڵاتانی خۆیدا نامۆیەو تەنها بەرماوەیەکە لەدڵی میللەتاندا ماوەتەوە ئەی دەبێ ئەو ڕۆژەی ببێتە یاساو فەرمانڕەوای جیهان، مرۆڤایەتی چەند ئاسوودە بێ و برا بگەڕێتەوە لای برای خۆی؟

کــــوژران

کاتێك ماڵکۆڵم لەدەرەوەی ئەمریکادا بوو ڕاپەڕینی "هاوینی دوورو درێژو سووتێنەر" لە (هارڵم)ی نیویۆرك و چەند شارێکی تر ڕووی دابوو، (یانەی تفەنگی سووك) دۆزرایەوە کە ماڵکۆڵم دوانزە ساڵ بوو

[١١] ڕژێمەکانی ئاسیاو ئەفەریقا ئەوەندەی جەماوەر دڵگەرمی کێشەی ڕەشەکان نەبوون بۆیە سەردانەکانی ئێلیجا و ماڵکۆڵم بێ سوودێکی عەمەلی بوون. لەکاتی نامەی ئێلیجا بۆ دیکتاتۆری میسر جەمال عبدولناصرو کاتی سەردانی ماڵکۆڵم دیکتاتۆر لەبەندیخانەو قەسابخانە ناودارەکانیدا سەگەکانی بەر دەدایە موسڵمانەکان، بەڵکو دەتوانین بڵێین دیکتاتۆر ناڕەحەت بوو بەو "برایانەی ڕۆژئاوا کەلە بیرتان کردوون" چونکە لەو کاتەی توانیبووی دەنگی ئیسلام لەمیسردا بخنکێنێ موسڵمانی بۆ پەیدا بوو لەوڵاتی تر.. ئەمەیە ئیسلام لەهەر کوێیەك دەنگی کپ بکرێ لەشوێنی تردا سەربەرز دەکاتەوە " وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ""الصف: ٨"

دایمەزراندبوو، هەروەها "برایانی خوێن" کەوتبوونە خەباتی چەکدارو وترابوو سەر بە ماڵکوڵمن، لەبەرئەمە ڕۆژنامەگەریی سپییەکان ماڵکوڵمی کردبووە هێمای شۆڕش و کاری توندوتیژیی ڕەشپێستەکانی ئەمریکا.

ماڵکوڵم جارێکی تر چووە دەرەوەو سەرۆك و لێپرسراوانی زۆری ئەفەریقی و ئاسیایی بینی، دوای چوار مانگیش لە شوباتی ١٩٦٥دا گەڕایەوە ئەمریکا.

سیخوڕان هەمیشە بەدوایەوە بوون، جارێکیان ئارامی نەماو بەکابرایەکی وت کە تۆ سیخوڕی موخابەراتی مەرکەزی C.I.A و نووسینگەی توێژینەوەی فیدڕاڵی F.B.I ئەویش قسەی ناشیرینی پێ وت وەك: دوژمنی ئەمریکا، تێکدەر.. کاتێکیش لەقاهیرەدا بوو دەرمانخوارد کرا، کە ویستیشی سەر لە فەڕەنسا بداتەوە بۆ قسەکردن لەکۆنگرەی قوتابیانی ئەفەریقی حکومەتی فەڕەنسی ڕێگەی پێ نەدا وتارەکەی بڵێ بەڵکو تەنانەت ڕێگەی نەدا لەفەڕەنسادا "فەڕەنسای ئازادی!" بمێنێتەوە، لەوێشەوە چووە بەریتانیا.

لە ١٣ی شوباتی ١٩٦٥دا گەڕایەوە نیویۆرك، ڕۆژێکیشی پێ نەچووبوو بۆمبایەکی مۆلۆتۆف[12] خرایە خانووەکەی کاتێك کە لەگەڵ ژن و منداڵەکانیدا نووستبوون و خانووەکەی سووتا.

لەسەرەتادا ماڵکوڵم تۆمەتی خستە پاڵ (نەتەوە) بەڵام دوایی کەوتە گومانەوە، ڕۆژێك پێش کوشتنی بە "ئەلێکس هالی" نووسەری یاداشتەکانی وت کەوا چەند بیر لەکارەکەی حکومەتی فەڕەنسا دەکاتەوە ئەوەندە بیر دەکاتەوە کە (نەتەوە) بەسووتاندنی ماڵەکەی تاوانبار نەکات، ڕۆژی دواییش (واتە ڕۆژی کوژرانی) لای چەند کەسێك دیسان تاوانەکەی لەسەر (نەتەوە) لابرد، ئەو گومانی لە دەسەڵاتێك هەبوو کەلە (نەتەوە) گەورەتر بوو[13].

ماڵکوڵم زووتر دەیزانی کە ناگاتە تەمەنی پیریێتی، ماوەیەك پێش کوژرانی هەستی بە نزیك بوونەوی کۆتایی ژیانی دەکرد:

"هەموو ڕۆژێك خەبەرم دەبێتەوەو دەزانم ڕۆژێکی ترم دەستکەوت، وەکو مردووەیەك لەمۆڵەتدا.. دەژیم".

ڕۆژی یەك شەممەی ٢١ی شوباتی ١٩٦٥ بوو کە چووە هۆڵێکی سەما لە هارلم دا –کەهەروا بۆ کۆبوونەوەو وتار بەکار دێت چاوەڕێی چەند میوانێکی دەکرد بەڵام کەدیار نەبوون کۆڕەکەی دەست پێ کرد. (بنجامین ئێکس) نیو سەعات قسەی کرد ئینجا ماڵکوڵم هەڵساو سڵاوی لێ کردن: السلام علیکم برایان خۆشکان، هەندێك وەڵامیان دایەوە: وعلیکم السلام.

لەو کاتەدا دەنگەدەنگ بەرز بووەوەو هەندێك کەس پێکاچوون، ماڵکوڵمیش ویستی هێمنیان بکاتەوە بەڵام لەلایەکی تری هۆڵەکەوە تەقەی لێ کرا.. بەقسەی ئافرەتێکیش تەقەکەران سێ کەس بوون.. زیاد لە ١٥ فیشەکی بەرکەوت، پۆلیسێکیش کابرایەکی گرت.

[12] بۆمبایەکی سووتێنەرەو بریتییە لە شووشەیەکی پڕ لە بەنزین یان بەنزین و قیر ی تێ دەکرێ.

[13] بەڵام نووسەرێك لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانی ئەم قسەیەی ماڵکوڵم نانووسێ..ئایا بۆ ئەوەی (نەتەوە) تاوانبار بکرێ؟
Encyclopaedia Britannica, Micropaedia, Ready Reference and Index, VI, p.530

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

کابرای گیراو، (تالماجا هایەر) دانی بەوەدا نا کە "کەسێك" ئەوو کەسانی تری بەکرێ گرت بۆ کوشتنی ماڵکۆڵم، نەیووت کێن بەڵام هەرئەوەندەی وت کەسیان موسڵمان نەبوون، دادگاش گوێی نەدایە ئەم قسانەو هەر حوکمی ئەو دوو موسڵمانەی دا کە لەگەڵ (هایەر)دا گیرابوون وەك چۆن ویستبێتی بە زۆر (نەتەوە) تاوانبار بکات.

ئەمە بوو ماڵکۆڵم ئێکس

دوای مردنی ئێلیجا (نەتەوە) هاتە سەر بیروباوەڕی ماڵکۆڵم، ڕێبازەکەی ماڵکۆڵم سەرکەوت، مزگەوتەکەی نیویۆرك بووە (مزگەوتی ماڵکۆڵم ئێکس)، بووە شایەتی خەبات و قوربانیدانی بێدارکەرەوەیەکی گەلان.

جیمس شاباز –سکرتێری تایبەتی ماڵکۆڵم– دەڵێ:

"دڕکێك بوو لەپێی دەزگایەکی گەورەی دەسەڵاتدار کەبڕیاری دابوو دژی گەلە غەیرە سپییەکانی تری ئاسیا بجەنگێ"

ماڵکۆڵم ناونرابوو "ڕەشی تووڕەی ژمارە یەك"، هەقیشی بوو تووڕە ببێ، کاتی خۆی کوشتەی دەستی کۆمەڵگەی ئەمەریکی بوو، گەلەکەی خەسێنرابوو.. کاتێکیش زانی کەوا "تووڕەبوون هەندێك جار کوێرە" تووڕەییەکەی دژی دەسەڵاتدارانی ئەمریکا وەکو خۆی مایەوە، دوای چوون بۆ حەج و فرێدانی بەرگی "ڕەش پەرستی".. "کۆمەڵگەی ئەمەریکی لەجاران زیاتر ڕەفز دەکرد، بەڵام ئەم جارە بەشێوەیەکی تر".

لەو بڕوایەدا نەبوو بتوانرێ کۆمەڵگەی ئەمریکی چاك بکرێ، پێویست بوو "شۆڕشی تیدا بەرپا بکرێ". ماڵکۆڵمی "ئومەمی و نەیاری سەرمایەداری و ئیمپریالیزم ببووە مەترسییەکی گەورە.. دەبوایە بەهەر نرخێك بووایە بکوژرایە".

دیاربوو بڕیارەکە لە F.B.I و C.I.A وەوە دەرچووبوو ماڵکۆڵمیش نەلەوان و نەلە مردن نەدەترساو لەوکاتەوە باوکیان کوشت تا ئەوکاتەی کاری قەدەغەی دەکرد تا کاتی موسڵمانبوونی ژیانی پڕ مەترسی بوو، لەو بڕوایەدا نەبوو زۆر بژی.

ماڵکۆڵم خۆشەویستی ڕەشان بوو، بەتایبەتی هەژاران و هونەرمەندان.

هونەرمەندێکی ناموسڵمان دەیوت:

"ماڵکۆڵم قەد خیانەتمان لێ ناکات.. خیانەتی زۆرمان لێ کراوە"

هونەرمەندێکی تر:

"زۆر ڕەش هەن لەگەڵ بیرو باوەڕەکانیدا نین بەڵام هەموویان دەزانن ئەو پیاو بوو، سپییەکان کەسیان ناوێ بیریان بخاتەوە کە پیاون بەڵام ئێمە دەمانەوێ.. ئەو فێری کردین (..) وتی: ئێوە چۆکتان داداوە، هەڵسن و پاڵەپەستۆ بکەن.."

ماڵکۆڵم ترسی خستبووە دڵی دوژمنەکانی، ڕۆژنامەگەرێکی سپی دەڵێ:

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

"تا ئێستا کەس ڕق‌و ترسی نەخستۆتە دڵی مرۆڤی سپیپێست ئـــەوەندەی ئـەو چونکـە مرۆڤی سپیپێست دەیزانی مـاڵکۆڵم نەدەکڕدرا".

ژنی ڕۆژنامەنووسەکە دوای دانیشتنێك‌و چا خواردنەوەیەك لەگەڵ ماڵکۆڵمدا بە مێردەکەی وت:

"وای لیٚ کردم هەست بکەم لەگەڵ پڵنگێکی ڕەشدا چام خواردبێ".

ڕاستە:

پڵنگێکی ڕەش بوو.. ئەگەر ببینی چۆن زەردەخەنەکەی هەموو دانەکانی دەردەخات دەڵێی: چەند منداڵێکی دڵپاك‌و بێ وەیە! نازانی دەوڵەتێکی تۆقاندبوو:

ڕاستە: پڵنگێکی ڕەش بوو:

ئەوکەسەی هاواری دەکرد: ئەو ڕەشەی دەتانناسی مرد.

ئەو کەسەی بەرەو ڕووی گەورەترین دەسەڵات وەستا..

هەڵگری پەیامی ڕاپەڕینی گەلانی ستەملێکراو..

هەڵگری دوو هێزە گەورەکە:

شۆڕش‌و برایەتی..

ماڵکۆڵم ئێکس.